# ئەڵڵاوەیسی



هەندێ جار لە دووتوێی لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا ئەبینم هەندێ کەس هەڵئەسن بە شیتەڵ کردنی هەندێ ئاوازی مۆسیقای گۆرانی وفۆرمە مۆسیقاییەکان ، ئەمەکارێکی ڕەوایە ، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمەی کورد زۆردەمێکە خۆشمان و میللەتەکەشمان دەچەوسێنرێنەوە ، میللەتانی جیهان لێمان بێ ئاگان هیوام وایە ، ئەو لێکۆڵەرە ئازیزانە ڕەچاوی ئەوەبکەن کە نوسینەکانیان ئەکەوێتە بەردیدەی کەسانی ترو لەوانەشە لەڕوانگەی شیتەڵ کردنەکانی ئەوانەوە بۆچوون بۆ ئاوازومۆسیقای کوردی بێتەکایەوە ، بۆیە هیوام وایە زیاتر بۆچونەکانیان زانستیە هونەرەکەی تیابێ نەک هەرتەنهاحەزێکی خۆیان بۆئەوەی بڵێن فلانەکەس لەبلاوکراوەو گۆڤارەکاندا ئەنووسێ .

من لەو گەشتەدورودرێژەی کە سەرانسەری هەمووناوچەکانی کوردستانی گەورەی گرتەوە ((هەر لە ورمێ وە بۆ لێلاخ و سنەو سەقزو مهاباد و مەریوان کرماشان و هەموناوچەکانی ئەردەڵانی بەرین تا دەگاتە کرند و ناوچەبەرینەکەی لوڕستان و سەرپێڵی زەهاو و خانەقین و بەری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری سیراون تا هەڵەبجەی شەهید و ناوچەبەرینەکەی هەورامان ، پاشان دەشتی شارەزور و شاری سلەیمانی و پاشان دەشتی گەرمیان و شاری کەرکوک ی ئازیز و دەشتی هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەری بەکۆیەو ڕەواندز و شاری دهۆک و زاخۆ وناوچەکانی کوردستانی خۆراوا قامیشلی و کوردستانی باکوور هەر لە نسێبین وماردین و دیاربەکر و تا ناوچەکانی وان و باشقەڵە کە کوردستانی باکوور بەکوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە ئەبەستێتەوە .

بەهۆی ئەوچاوپێکەوتنانەی لەگەڵ کەسانی بەئەزموون و خاوەن بەهرەدا ئەنجامم داوە ، زۆر بەڵگەم لادرووست بووە کە میللەتی کورد خاوەنی سامانێکی گەورەی هونەری مۆسیقاو ئاوازە، هەر لەگەشتەشمدا لە ڕوانگەی لێکۆلینەوەو نووسین لە سەر فۆرمی ئەڵلاوەیسی . کە بەهۆی کەسانی خاوەن بەهرەی وەک کاک حەسەن گەرمیانی و شوکور خەیات و زۆربەی زۆری چڕینە تۆمار کراوەکانی هونەرمەندانی گۆرانی بێژی وەک عەلی مەردان و صەلاح داودە و حسەین عەلی و کەسانی تریش .



This document was created using SOLID CONVERTER PDF
To remove this message, purchase the product at www.SolidDocuments.com

ئەم خالانەم بۆڕوون بووەوە.

١- ئەڵلاوەیسی فۆرمێکی ئاوازی گۆرانی کێش سەربەستەو ناشێ پێی بڵێین مەقام ئەگەر مەقام مەبەست لە سکێڵ یان پەیژەی مۆسیقا بێت .

٢- لەناوچەیەکەوە بۆناوچەیەکی تر هەندێ گۆڕانکاری تیابەدی ئەکرێ ،وەک کاک حەسەن گەرمیانی ووتێ فۆرمەکانی ئەمبەرچەم لەگەڵ ئەوبەریا هەندێ جیاوازییان هەیە ، دیسانەوە بۆچوونی فۆرم چرەکەش هۆکارە .

٣- ئەڵلا وەیسی فۆرمێکی تەواوی سێ بەشە (( سێ پەردە )) یە ، بەچڕینی هەرسێ بەشەکەی فۆرمەکە تەواو ئەبێت .

٤- سەرانسەری ئاوازی فۆرمی ئەڵلاوەیسی لە پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی ((ڕاست)) ، ئەچڕێ ،لەبەر ئەوەی لەزۆربەی زۆری پەردەی یەکەمی چڕینەکەدا پەیژەی ڕاستی ماهوور بەکاردێت و پلەی حەوتەمی لەجیاتی ئەوەی پلەی سێ چارەکە دەنگی بێت پلەدەنگییەکی تەواوە .

شیتەڵ کردنی پەردەکانی (( بەشەکانی )) فۆرمی ئەڵلاوەیسی .

## پەردەی یەکەم :

لەسەر پەیژەی (( دۆی ڕاستی ماهوور )) بنیات نراوە .

## نۆتەکەی :






This document was created using SOLID CONVERTER PDF To remove this message, purchase the product at www.SolidDocuments.com

### سکێڵەکەی :

پلەدەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لا . سی ناتوور . دۆ . ڕێ )) . بەپێی چێژی فۆرمەکە پەیژە مۆسیقاکەی بریتیە لەپەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆڕاست )) بەڵام لەبەر ئەوەی پلە دەنگی سی ناتووری ((کەپلەی حەوتەمی پەیژەکەیە )) بەرئەکەوێ، بە پەیژەمۆسیقاکەی ئەوترێ ڕاستی ماهوور.

## پەیژەی ڕاست

## (( ماهوور ))

### نموونەی سکێڵەکەی :




### پەردەی دووەم .

### نۆتەکەی :

## Alla weysi 2




### سکێڵەکەی :

هەمان سکێڵی پێشووە .






This document was created using SOLID CONVERTER PDF
To remove this message, purchase the product at www.SolidDocuments.com

پەردەی سێیەم .

نۆتەکەی :

**Alla weysi 3**




سکێڵەکەی :

بەپێی پلەدەنگیەکانی کە پلەی حەوتەمی لە چینە بڵندەکانا چارەکە پلەیەک نەوی ئەکرێ و ئەبێتە سیبیمۆڵ جیاوازی لەگەڵ پەیژەی پێشوودا هەر ئەوگۆڕانکارییە لاوەکییەیە کە پەیژەی ماهوور لە چینە نزمەکاندا پلەی حەوتەمی چارەکەپلەیەک بڵند ئەکرێ و لەچینە بڵندەکانا چارەکەپلەیەک نەوی دەکرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :



هەر لەوگەشتە دوورو درێژەما کە بەمەبەستی لێکۆلینەوە لەسەر پۆلێنکردنی پەیژەو فۆرمە مۆسیقا کوردیەکان گرتبوومەبەر لە مانگی شوباتی ٢٠٠٦ چاوپێکەوتنێکم لە گەڵ براو هاوڕێی دێرینی گۆرانی چڕم (( حەسەن عەبدوڵڵا محەمەد ئاغا (( حەسەن گەرمیانی )) ١٩٤٥– گەرمیان . قادرکەرەم .))کرد کە پتر لە دووکات ژمێری خایاند لە بابەت ئەڵڵاوەیسی یەوە زۆر باس و خواستمان کرد . منیش بەم جۆرە خستمە دوتوێی لێکۆڵینەوە



This document was created using SOLID CONVERTER PDF To remove this message, purchase the product at www.SolidDocuments.com

نۆتەکەی :

# Alla weysi






This document was created using SOLID CONVERTER PDF
To remove this message, purchase the product at www.SolidDocuments.com

## سکێلەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( ڕێ . می . فا# . سۆڵ . لا . سی کار بیمۆڵ { هەندێ جار سی بیمۆڵی بەرئەکەوێ } . دۆ . ڕێ . می )) ، بەپێی چێژی فۆرمەکە پەیژەموزیکەکەی بریتیەلە پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سۆڵ ڕاست )) بەلام لە نزم بونەوەدا ، لەباتی فاکاردێز ، دەبێتە فا# . وەکوولەمەوبەر باسمان کرد نازناوی (( ڕاستی ماهوور )) وەر ئەگرێ .

تیبینی:

لە ئەرماتۆرا(ڕابەری پەیژە)ی ئەم ئاوازەدام هەردوو هێمای فاکاردێز و سیکاربیمۆڵ، بەیەکەوە نوسراون، هەرچەندە لە زانستی مۆسیقادا ئەو دوهێما دژبەیەکە(کاردێز بڵندکەرەوەی چارەکە پلەیەکی دەنگییە و کاربیمۆڵ نەویکەرەوەی چارەکەپلەیەکی دەنگییە)،بەلام ئەم دیاردەیە تەنها لەپەیژەی ڕاست داو لە پلەدەنگی سۆڵ (ڕاستی سۆڵ)، ڕووئەداو لە هیچ پەیژەیەکی دیدا نایبینین، بەواتای پەیژەیەکی شازە.

## نموونەی سکێڵەکەی :




## بەستەکەی .

## های گریان گریان .

## نموونەی تێکستەکەی :

ماڵ لە بەر ئێرە دڵ لە دەروێشـــان
جامردن خۆشترە لە ئاخ هەڵکێشان
های گریان گریان گریان گرانـــــە
های گریان گریان گریان گرانـــــە
مەگری بەرخۆلەم ماڵم وێرانـــــە
جاوەناز مەم کوژە ژینم زیندانـــە



This document was created using SOLID CONVERTER PDF To remove this message, purchase the product at www.SolidDocuments.com

## نۆتەکەی :

# Hey gryan




## سکێڵەکەی :

هەمان سکێڵی(( ڕاست )) ی ماهوورە .




**سەلاح ڕەوف**

/http://www.salah-raouf.tk



This document was created using SOLID CONVERTER PDF To remove this message, purchase the product at www.SolidDocuments.com